# نرخی شارستانیەتی ئێرانییەکان!؟





"بە بۆنەی پیشانگای ٩٠٠٠ ساڵ شارستانیەتی پارس لە شاری بۆن-ئاڵمان"
---------------------------
محەممەد ڕەزاشا، هەموو ساڵەکانی ژیانی لە هەموو ڕێگایەکەوە لە گەڵ نوخبەکانی، ویستیان مێژووی ٢٥٠٠ ساڵەی خۆیان بچەسپێنن. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە سەرجەم مێژوو و فەرهەنگ و شارستانییەتی خەڵکانی تریان بە هی خۆیان لە قەڵەم دا.

میراتگرانی موسڵمانی محەممەدڕەزاشا،کە ڕووی دزێوی خۆیان لە ڕێگای دیکتاتوری ئیسلامییەوە نیشانی جیهان داوە، هەمان ڕێگای محەممەدڕەزاشایان گرتوتە پێش بۆ ئەوەی خۆیان بە میراتگری "شارستانیەت"ی کۆن و نوێ بە دنیا نیشان بدەن. وڵاتی ئاڵمان وەک هەر وڵاتێکی تری ڕۆژئاوا کە سوودوبەرژەوەندیان لە مامەڵەکردن لە گەڵ ئێراندا هەبووە و هەیە، دەورێکی باڵا بۆ چەسپاندنی مێژووی پێچەوانەی ئێرانییەکان دەگێرن.

سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ی زایینی لە شاری بۆن، پێشەنگایەکی مەزنیان لە ژێر ناوی ٧٠٠٠ ساڵ فەرهەنگ و شارستانیەتی ئێران(پارسەکان) وەرێخست بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە پارسەکان یەکەم شارستانیەتی ئەم جیهانە دوور لە شارستانیەتەیان پێک هێناوە. لەو پیشانگایە کەرسەی گڵی، سواڵەت، مس، زێڕ و شووشە خرابووە بەر چاوی بینەر کە هەمووی بە بەرهەمی "پێرزەکان- فارسەکان" ناسێندرابوون، لە کاتێکدا شوێنی دۆزینەوەی هەشتا لەسەدی هەموو کەل وپەلەکانی دوزراوە لە ژێرخاک، هی دەوری کوردستان، ئازەربایجان، لورستان و کەمترینیان هی شوێنەکانی ئیسفەهان و ئەو دەورەو بوو.

ئەمساڵ لە ڕۆژی ١٣ی ئاوریلەوە هەر لە شاری بۆن پێشانگای ٩٠٠٠(نۆهەزارساڵ) شارستانیەتی فارسەکان بە رووی بینەراندا کراوەتەوە و لە مێدیای ئاڵمان بە تایبەت ئەیالەتی نۆردراین ویستڤالن پرۆپاگەندەی بۆ دەکرێ. ئەم پێشانگایە بە پێچەوانەی پێشانگای ساڵی ٢٠٠٠ گەلێک بچووکترە و تەنیا کەل وپەلی گڵی، سواڵەت، زێڕ و زێو و بەرد لە خۆی دەگرێ و بە پێی وتەی بەرێوەبەرانی پیشانگاکە" ئەوە یەکەمجارە پێشانگایەکی لەو چەشنە لە ئوروپا بۆ ناساندنی شارستانیەتی ئێران بە هاوکاری دەوڵەتی ئێران و ئەو شوێنە بەرێوە دەچێ." وەک ئەوەی لە بیریان چووبێتەوە کە ساڵی ٢٠٠٠ هەر بە وتەیەکی لەو چەشنە "شارستانیەتی ٧٠٠٠ساڵەیان" بەخەڵکی ئاڵمان فرۆشت.

سەرجەم کەل وپەل و ئەو شتانەی کە لە پیشانگای ئەمساڵدا نیشاندراون، لە ڕۆژئاوای ئێران واتە شوێنی نیشتەجێ کورد و ئازەرییەکان کە بە شوێنی مادی گەورە و بچووک ناسراوە و هەروەها خوزستان و بەلوچستان و کەمتر ناوچە فارسنشینەکان دۆزراونەتەوە، بەڵام هەمووی بە ناوی ئێران و بە تایبەت شارستانیەتی پارس ناسێندراوە.

لە پاڵ ئەم کەل و پەلە هێندێک فیلم و فیلمی ئەنیمەیشن نیشان دەدرێن بۆ جێخستنی شارستانیەتی ٩٠٠٠ ساڵەی فارسەکان،لەکاتێکدا لە نووسراوەکان بە زمانی فارسی،ئاڵمانی و ئینگلیسی و ئاودیۆی دەنگ کە بە دەزگایەکی وەک

تەلەفونی دەستی دەبیسترێ، باس لە ئیلامییەکان و تەنانەت میسرییەکان دەکرێ،بەڵام هەموو دەخرێتە هەمبانەی شارستانیەتی پارسەکانەوە.

لە هەموو نووسراوە و فیلم و تۆماری دەنگ کە بۆ مەبەستی زانیاریی بەخشین(چەواشەکردن) بەکار هێندراون، باس لە خەڵکی ئەو شوێنانە ناکرێ کە کەل وپەلەکانی لێ دۆزراوەتەوە، باس ناکرێ کە خەڵکی ئەو ناوچانە کێن و سەر بە کام شارستانیەت و کام مێژوو و کام تیرە و کام خەڵکن.

لە پەنا ئەم پیشانگایە باخێک بە ناوی باخی بەهەشت کە ئەویش دەلکێندرێ بە شارستانیەتی پارسەکانەوە، چێکراوە بۆ ئەوەی بگوترێ خەڵکی پارس لە سەر زەوی بەهەشتیان هەبووە. وەک ئەوەی بەڕێوەبەرانی ئاڵمانی "بوندس کونست هالە" نەزانن، میراتگەرانی فردەوسی بەرین چ دۆزەخێکیان بۆ خەڵکی ئێران ساز کردووە! وەک ئەوەی نەزانن بەرهەمی ۹۰۰۰ ساڵ شارستانیەتی دزراوی خەڵکانی دیکە، لە ئێرانی سەدەی بیست ویەک بۆ خەڵک چ بووە!

ئەوەش دەبێ بگوترێ خاوەنی ئەم پیشانگایە کە بەناوی حکومەتی ئاڵمان دەدوێ، شیرکەتێکی ئەهلییە و بۆ قەزانج ئەو کاریان کردووە، بەڵام نازانرێ لۆبیکارەکانی ئێرانی و وەزارەتی دەرەوەی ئێران چەندەیان پارە خەرج کردوە، بۆ ئەوەی شارستانیەتی ۹۰۰۰ ساڵە بە خەڵکی ئوروپا لە ڕێگای ئاڵمانییەکانەوە بفرۆشن!

چێکەرانی ئەم پیشانگایە گەلێک ژیرانە جوڵاونەتەوە و هەر لە ڕێگای ئەو دەزگا بچکۆلانەیەی کە بۆ گوێگرتن دەیدەنە خەڵک، هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی حافیز، سەعدی و مەولانە جەلالەدینی بەلخی و هەروەها موسیقای فارسی کۆنی سەردەمی محەممەدڕەزاشا دەخەنە بەر گوێ خەڵک، بۆ ئەوەی ئێرانێکی تر جیا لە ئێرانی ڕەوزەخوانی مەلاکان بە خەڵک بناسێنن!

ئەوەشم گوتبێ لەو بیست هەڵبژاردەیە دوو گۆرانی کوردی بە دەنگی کامکارەکان داندراوە و ئیتر لە موسیقای ئەوانی تر خەبەرێک نییە، ئەمە لە پیشانگای کتێبی فرانکفۆرتیش بیندرا کە کوردەکان بە دەهۆڵ و زوڕناو هەڵپەڕکێ بەشدار بوون. ڕەنگە بیانەوێ بێژن کورد و فارس، ماد و پارس پس مامی یەکترن و ئێرانی کۆن و نوێش هی ئەوانە.
ئەوەی بۆ جێبەجێکردن و ئامادەکردنی ئەم پێشانگایە کە دەگوترێ حەوت ساڵ ئامادەکاری بۆ کراوە، کەسانێکی کورد بەشدار بوون یا نا بۆ نووسەری ئەم دێرانە ڕوون نییە، بەڵام بێگوومان کەم نیین ئەو کوردانەی کە دەوری کاریگەر بۆ سڕینەوەی پێناسە و مێژوو و ئاسەواری کورد دەگێڕن، کە ئەوانە مەترسیدارترن هەتا ئەوانەی چەکیان بۆ هەڵدەگرن یان سیاسەتیان بۆ دەکەن.

دوور نییە نرخی ئەم شارستانیەتە لە ساڵانی داهاتوو بۆ یازدەهەزار ساڵ هەڵکشێندرێ، کە ڕەنگە هێندێک کوردیش سوودی لێ ببینن!

برایم فەڕشی
۲۰۱۷/٤/۱٥